# میکانیکا، دینامیکا و دیالێکتیکا-

## ئەو پرۆسانەی ژیانی کۆمەڵایەتیی بەڕێوەدەبەن !

پ.د. ڕەشاد میران

***ئەم سێ چەمکە زێتر تایبەتن بە زانستە پەتییەکانەوە؛ بوارەکانی کار و چالاکییەکانیان هەر لە فسیۆلۆگیاوە بگرە تا دەگاتە ئەندازیاری، سروشت و زیندەوەرزانی دەگرنەوە. بەڵام زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان، بە ڕادەیەکی زۆر، بێ ئاگان لە کاریگەرییەکانی ئەم سێ پرۆسەیە کە لەبوارەکانی ئەمانیشدا ڕوودەدەن؛ نە هەر ئەوە، بەڵکو ژیانی کۆمەڵایەتی هەرگیز نەدەبوو و بەڕێوەنەدەچوو بەبێ پرۆسەکانی میکانیکا، دینامیکا و دیالێکتیکا.***

***میکانیکا- هەر ماددەیەک یان جەستەیەک لە سروشت و لە ژیاندا، هەروەها هەر مەکینەیەک و تەکنۆلۆگیایەک و کەرەستەیەک، پێکهاتووە لە چەندین توخم و بەش و پارچە؛ ئەم بەش و پارچانە وابەستەی یەکدی و یەکتر دەجوولێنن، ئەمەش بەرێی بزاوتێکی میکانیکییانەوە- ئەمانە یەکتر دەجوولێنن و هەریەکە ئەویدی بەگەڕدەخات. "میکانیکا" تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەمیش بیرۆکەی هەرەباو بوو لە بوارەکانی فیکر و زانستدا و فیزیا هەر بە فەرمی ناوی "فیزیای میکانیکی" بوو؛ تەنانەت تیۆریای دروستبوون و گەشەسەندن "النشوء و الارتقاء"ی داروین لەسەر بنەماکانی پرۆسەی میکانیکا دامەزراوە/ العلم و الدین١،ص٤٦٤/.***

***جووڵە و بزاوتی بەش و پارچە و گردیلەکان، لە میانی پرۆسەی میکانیکادا، "دینامیکا"ی جەستە دروست دەکەن کە ئەویش بریتییە لە ماتەوزەی ناو لەش و جەستە و ماددەکان- وزەی بزاوت و جووڵەی تەواوی جەستەکە بە هەموو بەشەکانیەوە و پێکەوە، بەمەشەوە دەرخستنی تواناکانی و بۆ مامەڵەکردنی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا. جووڵە و بزاوتی گردیلە و پارچە و بەشەکان میکانیزمی کارکردنی جەستە لەگەڵ دیاردە و پرۆسەکانی دەرەوەدا فەراهەم دەکەن.. خۆراک و چالاکییەکان میکانیکای ئەعزا و***

بەشەکانی جەستەی مرۆڤ بەگەڕدەخەن، وزە و توانای بۆ فەراهەم دەکەن، جەستەکە بەهێز دەکەن و دینامیکای بۆ دروست دەکەن- هەمان شتیش بۆ ئاژەڵ و درەخت و ماددەکانیتر.

کەواتە، هەریەک لە مادده، جەستە و دیاردەکان دینامیکا و میکانیکای خۆیی هەن کە بەهۆیانەوە دەور و کاریگەریی دەنوێنیّ؛ بەڵام دەور و کاریگەری لەسەر چیّ؟- بێگومان لەسەر یەکدییان.. ئەمەی دواییش واتە- دیالێکتیکا.

دیالێکتیکا پرۆسەیەکە بە سیّ یاسای جەوهەری بەرێوەدەچیّ :

- پەیوەندیی هەمیشەیی
- بزاوتی هەمیشەیی
- پێشکەوتنی هەمیشەیی

لە سروشت و ژیان و لە دنیادا هیچ شتێکی ئەبستراکت و بەتەنیا لە ئارادا نییە؛ هەموو شت و مادده و دیاردەکان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، هەموویان پەیوەستن بە یەکەوە و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە- ژیان و سروشت بریتین لە پەیوەندیی هەمیشەیی نێوان مادده و دیارده و جەستەکان.

ئەم پەیوەندییە هەمیشەییە، وەک چۆن خۆی بەرهەمی جوولە و بزاوتی ناوەوەی ماددەکانە، ئاواش دەبێتە مایەی بزاوتی زێتر و جۆریتر و بەردەوام.. تاو و گوژمێک دەدات بە جوولەی ماددەکان و دەیانبات بۆ ئاستی بەرزتر و کاریگەرتر، ئەمەش پێشکەوتن لە مادده و دیارده و پرۆسەکان دادێنیّ..

لە بوارە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، بە هەمان جۆر، ئەم سیّ پرۆسەیە(میکانیکا، دینامیکا، دیالێکتیکا) دەور و کاریگەریی خۆیان دەنوێنن؛ نە هەر ئەوە، بگرە، وەکو لە سەرەوە گوتمان، بەبیّ ئەمانە شتێک نابێت بەناوی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە.

مرۆڤ لە ئاستی تاکەکەسی، جەستەکەی فسیۆلۆگیایەکی هەیە ئەعزایەکانی میکانیکیانە یەکتر دەجوولێنن - مادده بنەڕەتییەکانی جەستەی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆگی

***و هەموو بوونەوەرانیدیش،: گۆشت، ئیسقان، خوێن- ئەمانە بەیەکەوە گرێدراون و میکانیکیانە یەکتر دەجوولێنن، دڵ لە جوولەی میکانیکیی بەردەوام دایە و خوێن دەپرژێنێ بۆ ناو دەمارەکانەوە، ئەمانەی دواییش ماسولکەکان دەجوولێنن و ماسولکەش ئێسقانەکان ڕادەگرن و جوولەیان پێ دەکەن.. ئەمەش دینامیکا و وزەی ناوەکیی جەستە فەراهەم دەکات بۆ پەیوەندی و مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا (دیالێکتیکا) ؛ ئەمەی دواییش، واتە پەیوەندییەکان، مرۆڤیان بە چاخ و قۆناغە مێژووییەکانی گۆڕان و پێشکەوتنی جەستەیی و کۆمەڵایەتیدا تێپەڕاند تا بە ئەمرۆکە دەگات.***

***لەم ڕوانگەیەشەوە کۆمەڵگا، وەک گەورەترین دیاردەی ژیانی کۆمەڵایەتی، بە هەمان جۆر، بەرهەمی پێداویستی و هزر و کارکردنی مرۆڤە- پێویستیی بۆ ئاسایش و کاری هەرەوەزی، مرۆڤی هاندا بیر بکاتەوە لە قەوارەیەک زۆرترین کەسان لەخۆ بگرێ، بیانپارێزێ و بە یەکەوە بەرهەمهێنان بکەن. مرۆڤی سەرەتایی بۆ زامینکردنی تەناهییان بە ڕەوە ژیاون، پەیوەندی و کاری هەرەوەزییان وردەوردە پەرەیان سەند، ئاوەز و هزریان گەشەیان کرد و بیریان لە پەرژەوەندییەکان کردەوە، بینییان ژیانیان پێویستی بە ڕێکخستن هەیە؛ ڕێکخستنێک تیایدا هەر تاکێک پێگە و ڕۆڵ و ئەرکەکانی دیار و جێگیر بن- لە ئەنجامی گەشەسەندنی وردەوردەی ئەم بیرۆکەیەدا، کە هەزاران ساڵی خایاند ، سیستەمی کۆمەڵایەتی دروستبوو بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەی تاکەکان- ئەمەش واتە کۆمەڵگا. سیستەمی کۆمەڵایەتی بە میکانیکا کاردەکات؛ تاکەکان کاردەکەن و دەزگاکان(خێزان، دەسەڵات، بازاڕ، ئایین، پەروەردە، سەربازی..) دەجوولێنن، بەمەشەوە تەناهی، کاڵا و بەروبووم بەرهەمدینن- ئەمەش وزە و دینامیکای ناوخۆی کۆمەڵگا دروست دەکات تا نەک هەر بە زیندوویی بمێنێ، بەڵکو چالاکییش بنوێنێ لە دەرەوەی خۆیدا- واتە بەستنی پەیوەندیی لەگەڵ کۆمەڵگاکانیتردا؛ هەموو ئەمانە کۆمەڵگا پێش دەخەن و گەشەی پێدەدەن- ئەمەش دیالێکتیکایە.***

***سەبارەت بە دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیش، دەبینین خێزان، وەک یەکەمین و سەرەکیترین دەزگای کۆمەڵگا، ژن و مێرد "میکانیکیانە" وەچە دەخەنەوە، پێیاندەگەینن و پەروەردەیان دەکەن؛ سیلەی ڕەحم(ڕەمەک، غەریزە) میکانیکیانە بە یەکیانەوە دەبەستێتەوە؛ ئەمەش دینامیکایەک بۆ خێزان دروست دەکات بۆ مانەوە، بەردەوامبوون و گەشەکردن. ئینجا خیزان بە دینامیکیەکەی پەیوەندیی لەگەڵ خێزان و دەزگاکانیتر دەبەستێ و بەشدار دەبێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا.***

***ئەم سێ پرۆسەیە بەردەوام و هەموو کاتێک هەر پێکەوەن و لێک جیانابنەوە.. بگرە ژیان بەگشتی، ژیانی بایۆلۆگی و هەروەها ژیانی کۆمەڵایەتیش بەبێ ئەم سێ پرۆسەیە هەرگیز بەرێوەناچن..***

***لە ڕووی بایۆلۆگییەوە، قەبارە و خانەکانی مێشکی مرۆڤی هۆشمەند هەمووی وەکو یەکن؛ ئەمەش واتە هزر و تێگەیشتنی هەموویان لە یەک ئاست دان.. ئەوەی دەبێتە هۆکاری جیاوازی لە ئاستی فیکر و تێگەیشتنی کەسەکاندا کولتوورە. کولتووری ئەو کۆمەڵبوونە مرۆییە چەند و چی جۆرە مەعریفە، ئەزموون و شارەزایی لەخۆ گرتوون و پێشکەشیان دەکات بە ئەندامانی و بەمەش جیایاندەکاتەوە لە کۆمەڵبوونە مرۆییەکانیترەوە؛ ئەوە بڕ و جۆری مەعریفەیە کە ئاستی هوشیاریی مرۆڤ دادەڕێژێ- ئەو مەعریفەیەش لە کولتووردا هەیە، لەناو توخمە کولتوورییە ماددی و مەعنەوییەکاندا هەیە/ مرۆڤناسی ل٥٤/ ؛ هەروەها، ڕەوش و هەلومەرجە جۆراوجۆرەکانی ناو تەنانەت یەک کۆمەڵبوونیش ئاست و شێوازی هزر و بیرکردنەوەی جیاواز دادێنن- توخمە کولتوورییەکان میکانیکییانە یەکدیی دەجوولێنن، دینامیکای کولتوور فەراهەم دەکەن و بەمەشەوە دەرفەت دەرەخسێنن بۆ پرۆسەی دیالێکتیکا- واتە پەیوەندیی لەگەڵ دەرەوەی خۆی، لەگەڵ کولتووریدی و هەلومەرجە دەرەکییەکاندا.***

***لەکارکەوتنی یان کزی و لاوازیی هەر یەک لەو سێ پرۆسانە نیشانەکانی بەسەر تاکەکەس، کۆمەڵگا و هەر دیاردە و پرۆسەیەکەوە دەردەکەون، ئەمەش بۆ پسپۆران تەواو دیار و ئاشکرایە.***

***بۆ نموونە، سستی لە میکانیزمی پەیوەندییە خێزانییەکان، دینامیکای بەڕێوەچوونی خێزان ئەستەم دەکات و هەروەهاش دیالێکتیکای پەیوەندییەکانی لەگەڵ خێزان و دەزگاکانیتری کۆمەڵگادا.***

***میکانیزمی کارکردنی لەسەرخۆ و بیرۆکراتیانەی دەزگا و دامەزراوەکانی دەسەڵات و کزیی پەیوەندیی نێوانیان، دینامیکای دەسەڵات سنووردارردەکات لە بەڕێوەبردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێ لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک و هەروەها لەگەڵ دەرەوەشدا...***

***لاوازیی توخمە پێکهێنەرەکانی ئابووری(کشتوکاڵ، پیشە، بازاڕ..) و میکانیکای کارکردنیان ، دینامیکای بەرهەمهێنان سست دەکات و پێشکەوتن دوادەکەوێ.. پەروەردە- خێزان، قوتابخانە، زانکۆ و دەزگای ئایینی هەماهەنگ نەبن ؛ هەریەکیان قوتابی بە لایەک و ئاستێکدا بەرێ، دەسەڵاتی سیاسیش دستەوسان و بێ بەرنامە بێ.. واتە میکانیکای کارکردن شێواوە، دینامیکای پێگەیاندنی نەوەی نوێش لاوازدەکات و ئاکام کۆمەڵگا بەچەقبەستوویی دەمێنێتەوە و پێشناکەوێ.***

***تەندروستی- نەخۆش و پزیشک و دەرمان تەواوکەری یەکدیین.. نەخۆش متمانە بە دکتۆر نەکات[ لەبەر چەندین هۆکار کە دەبێ نەهێڵرێن، لەوانە بەردەوام زانیارییەکانی ئەپدەیت نەکات و کەمی یا نەبوونی ئامێر و کەلوپەلی پزیشکیی متمانەپێکراو...]، دەرمانسازیش تەنیا چاوی لە نرخی دەرمان و دەسەڵاتیش تەماشاکەر بێت، بێگومان باری تەندروستیی وڵات دادەتەپێ.***

***هەمان شتیش سەبارەت بە توخم و بوار و لایەنەکانیتری ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیان و سروشت و گەردوون بەگشتی.***

## ڕوح

مرۆڤ هەر تەنیا ماددە و جەستە نییە، بەڵکو لەسەر ئاستی تاک ڕەهەندی ڕوحی و فیکریشی هەن- ئەگەرچی ئەمانیش هەر بە پرۆسەکانی میکانیکا و دینامیکا و دیالێکتیکا بەڕێوەدەچن.

لە دنیای مرۆڤ دا "ڕوح" بابەتە هەرە گەورەکەیە، بگرە بووە بە مەتەڵێکی هەرگیز هەڵنەهاتوو؛ مرۆڤ چەندین چیرۆک و ئەفسانەی بۆ هەڵبەستوون( ڕوح نامرێ، لە تەنی کەسێکیتردا زیندوودەبێتەوە، پاداشت یان سزا و ئازار دەدرێ...) و ئێستاشی لەگەڵدا بێت پێیەوە هەر سەرقاڵە. لەکاتێکدا ڕوح، ئەگەر سەرنج بدەین، شتێک نییە زێتر لە جووله.. ڕوح ڕێک واتە "جووله"- هەموو گیانلەبەرێک(مرۆڤ، ئاژەڵ، خشۆک، باڵندە، درەخت..) کە جووله و بزاوتی نامێنێ بێ "ڕوح" دەبێ، ناتوانێ مامەڵە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا بکات و کەواتە مردووە. [جاری وا هەیە یەکێک ئیفلیج دەبێ و هەمو ئەعزاکانی لەکاردەکەون، تەنانەت قسە و بیناییشی نامێنن و دەچێتە ناو حاڵەتی "کۆما"وە، کەچی هەر زیندووە- تەنیا خوێن و دڵی ئەو کەسە هێشتا لە جووله دان و بۆیەش ماوە و نەمردووە]؛ جووله واتە دینامیکا کە بە هۆکارەکانی میکانیکا و دیالێکتیکا بەردەوام لەگەڕدا دەبێ.. هەر ئەو جوولەیەش بوو کە وای کرد لە ڕابردوودا تەنە بزێوەکانی بۆشایی گەردوون، لەبەر بزاوتی هەمیشەییان، بە بوونەوەر و کائینی ڕوحلەبەری هەرەباڵا حسیب بکەن و تەنانەت بیانپەرستن/ فلسفة العلم - ص١٨/- ئەمەش هەر لەسەر بنەمای بیرۆکەی هاوتابوونی ڕوح و جووله بوو؛ ئەگەرچی هەموو جوولەیەک ناکاتە ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین "ڕوح"- بەردێک کە لە شوێنەکەی دەبزوێ، ئەوە دینامیکای خۆی نییە، بەڵکو ئەمە دیالێکتیکایە و بە هۆکاری دەرەکی لە جێی خۆی لادەچێ- هەمان شتیش سەبارەت بە تەنە ئاسمانییەکان. بەڵام ئەمانیش- تەن و بەرد و جەمادەکانیش- خۆ پێکهاتوون لە ماددە و وردیلەکانیان کە بە هەمان یاساکانی میکانیک و دینامیزم یەکیانگرتووە و پتەوی و قایمییان بە تەنەکانەوە بەخشیووە.

مرۆڤ لەنێو گێژاوی گەڕان بەدوای نهێنییەکاندا، "ڕوح"ی بەجارێک جیاکردووەتەوە لە مادده و لە جەستەی خۆیەوە، کردوویەتی بە دنیایەکیتری سەربەخۆ و بگرە هەموو نهێنییەکانی ژیان و دوارۆژی مرۆڤ و گەردوونی تیادا قەتیسکردوون.. جیهانی ڕوحی، ڕوحانیەت(ڕوحیگەری) هەر لە سەرەتاوە بوو بە توخمێکی بنیادیی هەموو ئایینەکان/ئایین..ل٢٠/ و بۆیەش مرۆڤ هەر لە کۆنەوە، ئێستاکەش هەرەزۆریان، تەواو ملکەچ و گوێڕایەڵی داواکارییەکانی ڕوحانیەتن و ئەرک و داخوازییەکانی جێبەجێ دەکەن؛ بە گوتەیەکی دی، ڕوحانیەت بە دەزگا کراوە، دەسەڵاتی ڕەهای پێدراوە و کاریگەریی ڕادەبەدەری نوواندووە لەسەر خەڵک بۆ گوێڕایەڵی و ملکەچکردنیان و، کەواتە، بووە بە میکانیزمی هەلسوڕاندنی سەرلەبەری سیستەمی کۆمەڵایەتی.

لەگەڵ ئەوەشدا، مەرج نییە مرۆی تاک درک بە لایەنی جیهانی ڕوح بکات.. چونکە ڕۆچوون بە ناو قووڵایی ڕوحانیەتەوە پێویستی بە ئاستێکی شیاوی هوشیاریی هەیە، بگرە دەبێ تاکێک ئامادە و ئاڕاستە بکرێت لەلایەن دەزگای تایبەتەوە- مزگەوت، شێخ، تەریقەی دەروێشی، لاما و پەرستگای بوودی، کەنیسە و دێری مەسیحی، سیناگۆکی یەهوودی.. سەبارەت بە ڕوحانیەتی دەرەوەی دەزگای ئایینیش (ڕوحانیەتی سەربەخۆ)/ المرجع٢، ١١٢٧-١١٢٩/، کە دەشێ ڕەهەندی ئایینیی نەبێت، ئەوا دەبێت ئەو کەسە ئاستێکی بەرزی هوشیاری و مەعریفیی هەبێت، ئەوانەی بە قسەی کارڵ پۆپەڕ "جیهانی سێیەم"یان هەیە، واتە لایەنی فیکر و ئایدیا و داهێنان/simonv,1989,320 / ؛ ئەوەش دەمانبات بۆ بابەتێکی هەرەگرنگ و هەستیار- بابەتی کەسایەتیی مرۆڤی تاک.

کەسایەتیی مرۆی تاک بەرهەمی سیستەمی کۆمەلایەتی و کولتوورەکەیەتی؛ کولتوور قالبێکی ئامادەی هەیە بۆ دارشتنی کەسایەتیی تاکەکان کە شیاوی سیستەمە کۆمەڵایەتیەکە بێت و تیایدا ببن بە ئەندامی شیاوی کۆمەڵگا- " ئەرکی سەرەکیی کولتوور بریتییە لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی؛ کەواتە بەرپرسە لە جۆری کەسایەتیی تاکەکانی کۆمەڵگا. کولتوور و دەزگا کۆمەڵایەتییەکانیتری سیستەمی کۆمەڵایەتی لە پرۆسەیەکی درێژ و ئاڵۆزی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا جۆری پێویستی کەسایەتیی تاکەکان دادەرێژن- ئەوەش بە مەبەستی پاراستنی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە.../مرۆڤناسی، ل١٠٣/. لەم

ڕووەوە، کەسایەتیی تاک بارگاوییە بەو حەڵاڵ و حەرامانەی بۆی دانراون و دەبێ ئەو تاکە پێیانەوە پابەند بێت- کولتوور جۆرە هوشیارییەکی پێداوە کە بە ڕێگەیەوە بزانێ چی بڵێ و کەی هیچ نەڵێ، چی بکات و چی نەکات، چی بخوات و چی نەخوات و... کەواتە ئاوەز و هوشیارییەکەی لە قاڵبدراوە و تا ئەوپەڕی سنووردارە. جگە لەوە، کۆمەڵگای کوردی، هاوشێوەکانیشی، خاوەن سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی "کۆمەڵگەرا"یە و تیایدا تەسکترین پانتایی بۆ "تاکایەتی"ی لەخۆگرتووە و بۆیەش کەسایەتیی تاکەکەس تا بڵێی پەراوێز خراوە. لەم ڕوانگەیەوە، مرۆی تاکی خاوەن کەسایەتییەکی لەم جۆرە، ڕێی تێناچێ هوشیارییەکەی بڕبکات بۆ ناو لایەنی ڕوحییەوەی و درک بە بواری نامادی بکات بەدەر لە ڕێنماییەکانی کولتووری خۆی و هەست بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتیی خۆی بکات- هەموو هەوڵەکانی کەسێکی لەم جۆرە بۆ ئەوەیە ببێت بە یەکێک لە ئەوانیدی؛ ڕوحانیەتەکەشی هەر دەبێ لە چوارچێوەی کولتووردا بێت.. ئەگەر وا نەکات تۆمەتبار دەکرێت بە لادان لە کولتوور.

ڕوحانیەتی دەرەوەی ئایین (سەربەخۆ)، بەردەستە تەنیا بۆ ئەوانەی لە قالبی کولتوور دەردەچن، کۆت و بەندە کولتوورییەکان دەپچڕێنن، ئازاد و سەربەخۆن.. ئەمانە سەرنج لە خۆیان دەدەن و درک بە تایبەتمەندییەکانی کەسایەتی و پێداویستییەکانی ناخی خۆیان دەکەن و هەوڵی بێ وچانیان بۆ دەدەن- زۆریان لە پێناو ئەمەدا سەریان تیا چووە و تۆمەتی زەندەقەیان دراوەتە پاڵ- بەو پێیەی کولتوور بارگاوییە بە بەها و داب و ڕێنمایی ئایینی.

لیرەدا، ڕوح و ڕوحانیەت، لە کۆمەڵگای کوردی و هاوشێوەکانی، دینامیکای ژیانی کۆمەڵایەتین و بەپێی کولتوور میکانیزمی پەیوەندەییەکانی مرۆڤ بە جیهانی نامادیەوە دیاریدەکەن و لە هەندێ حاڵەتیش لە دەرەوەی کولتوور ئەمە ڕوودەدات، کاتێک پەیوەندییەکان لە کەسایەتیی تاکەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە.

## هزر

***هەرچی هزرە(فیکر)، ئەویش زادە و بەرهەمی جوولە و میکانیکایە؛ هەستەکان (بینین، بیستن، ترس، خۆشی، تام، سەرسامی...) بە ڕێی دەمارەکانەوە ئیعاز دەنێرن بۆ مێشک، خانەکانی مێشک دەست دەکەن بە وەڵامدانەوەی ئیعازەکان بەشێوەی قسە، کردەوە یان هەر بە هزر و بیرۆکە لە مێشکدا دەمینێتەوە.. ئەم پرۆسەیە واتە فیکرکردنەوە. هزر و ڕوحانیەت لێک جیا نابنەوە، ئەگەر ڕوحانیەتەکە ئایینی بێت ئەوا ئاستێک لە فیکر و ئایدیۆلۆگیای تیایە، لە حاڵەتی ڕوحانیەتی سەربەخۆش ئەوا، وەکو ئاماژەمان پێدا، هوشیارییەکی عەلمانیی ئاست بەرز لەخۆ دەگرێ.. بۆیە لە سەرەتاشدا گوتمان کە مرۆڤ هەردوو ڕەهەندی هەن ماددی(بایۆلۆگی) و ڕوحی(فیکر)؛ بەم بۆنەیەشەوە شۆپینهاوەری فەیلەسوف گوتوویەتی: " نکۆڵیکردن لە ڕوح، فەلسەفەی ئەو کەسانەیە کە حسێبی زاتی خۆیانیان نەکردووە"/ Simonov، 3/.***

***فیکرکردنەوە، ئاست و شێوازەکەی، وەکو ئاماژەمان پێدا، زادەی کولتوور و هۆشیاریی کۆمەلایەتییە کە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکە دایهێناون و ئەندامانی کۆمەڵگا پەیڕەویان دەکەن و پێیانەوە بەڕێوەدەچن؛ بەڵام بیرکردنەوە لە بنەڕەتدا بەرهەمی مێشک و خانەکانییەتی کە ماددەن.. ئەو ماددەیە نەبوایە بیرکردنەوە نەدەبوو، ئەگەرچی هۆکاریتری دەرەوەی مێشک (دیالێکتیکا) بیرکردنەوەکە لە قالب دەدەن؛ نە هەر ئەوە، دوای ئەوەی بیرکردنەوە لە میانی جوولە و کاردانەوەکانی مێشک میکانیکیانە شکل وەردەگرێ، ئیتر بەم شکڵ و قالبەی خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو بەهۆی دیالێکتیکاوە (بڵاوبوونەوە، وەرگرتن، کارتێکردن و کاریگەری و..) بیرکردنەوەکە دەگۆڕێ، زیاددەکات وگەشە دەکات.. هزر(بیرۆکە) لەخۆیەوە پێش ناکەوێ، بەڵکو بە بڵاوبوونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا..***

***ئەم بۆچوونە، کە ماددە دەکاتە بنچینە و بنەمای بوون، تەواو ماتریالیستانەیە و مکۆرە لەسەر بەیەکەوە گرێدانی ماددە و پرۆسەکان و نەبوونی هیچ شتێکی ئەبستراکت لە ئارادا.. بەڵام، هەمان کات، "بیرکردنەوەی میکانیکیانە"ش هەمیشە و هەموو کات ڕاستی***

نابەخشێ.. یان بەلای کەمەوە بۆچوونی تاک ڕەهەندانە بەرهەمدێنێ- ئەمەش زێتر لە بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا. بۆ نموونە، زۆریی پەرستگاکان لە کۆمەڵگایەکدا- مزگەوت، کەنیسە، سیناگۆک..، هەمیشە بەڵگەی ئیمانداریی خەڵکەکەی نیین؛ لە وڵاتانی ئەوروپادا کەنیسەی مەسیحیی زۆرن، کەچی وڵاتانی تەواو عەلمانین- نە هەموو کەنیسەکان بەرکارن و نە هەموو خەڵکەکەش زیارەتکاری کەنیسەن، سەبارەت بە مزگەوت و پەرستگاکانیتریش هەمان شت.

هەروەها سەبارەت بە دوو چەمکی گرنگیتر کە، لەپاڵ هزر و ڕوح دا، ئاماژە بە لایەنی جیهانی ناوەوەی مرۆڤ دەکەن، ئەوانیش- دڵ و ویژدان.. هەمیشە دەگوترێ: دڵی نایێ، دڵی نابا، دڵی فراوانە، دڵ ڕەق .. ویژدانم قبووڵ ناکات، بێ ویژدان.. ئەمانە ئەگەرچی گوزارشت لە ناخی کەسەکە دەکەن و گرێدراوی هەردوو چەمکەکانی سەرەوەن (ڕوح و هزر)، بەڵام حاڵەتی نەگونجانیشیان بە یەکەوە ڕوودەدەن؛ ئامانجی هزر و بیرکردنەوە هەمیشە پێکان و گەیشتن بە ڕاستییەکانە، کەچی مەرج نییە دڵ و ویژدان ڕازیبن بەمە- نووسەر و بیرمەندی ڕووس، فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، بە ئاشکرا ئەمەی دەربڕیووە : "ئەگەر ئێش و ئازاری منداڵێک پێویستبن بۆ بەرجەستەبوونی حەقیقەتێک، ئەوا جاڕەدەم کە هەموو ڕاستییەکانی دنیا ئەم نرخە ناهێنن".. یان وەک گیۆتە، شاعیر و نووسەر و دراماتورگی ئەڵمانی، دەڵێ:" لەبەردەم عەقڵێکی گەورەدا سەر دادەنوێنم، لەپێش دڵێکی گەورەش چۆک دادەدەم" /Simonov, 1989, 6/. ئەمە هەمووی بەڵگەی فراوانی، ئاڵۆزی و پڕناکۆکیی ناخ و جیهانی ناوەوەی مرۆڤن.

ژیانی کۆمەڵایەتی تابڵێی گەورە، ئاڵۆز، پڕ دیاردە و ڕووداو و پرۆسەیە؛ لەویش ئاڵۆزتر و فراوانتر و نهێنیتر ژیانی تاکەکەسە. کارێکی ئاسان نییە بتوانی بگەیتە قووڵایی ناخ و دەروون و جیهانی ناوەوەی تاکەکەسێکەوە.. تەنانەت ئەگەر ئەوکەسە خۆشی هاوکار بێت، ئەوا هەندێ لایەن و بواری بە نهێنی هەر دەمێننەوە؛ زۆریش ڕێی تێدەچێ کە کەسەکە خۆشی درک بەو لایەنانەی ناخی خۆی نەکات.

***هەموو ئەوەی لە سەرەوە گوترا، سەرنجدانێک بوو لە شادەمارەکانی بەڕێوەچوونی ژیانی کۆمەڵایەتی کە ئەوانیش، بە ڕای ئێمە، سێ پرۆسەی هەرەگرنگن- میکانیکا، دینامیکا و دیالێکتیکا، هەروەها دەور و کاریگەرییان لەسەر سروشت، گەردوون و مرۆڤیش وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆگی، لەپاڵ تیشک خستنە سەر لایەنی نامادیی و ناخ و جیهانی ناوەوەی تاکەکەسان کە هەموو ئەو بابەتانە ئاڵۆز، فراوان و هەمەلایەنن پێویست بە توێژینەوە و شەن و کەوی زێتر و قووڵتر دەکەن... لەم ڕووەوە، زانا و پسپۆران، بۆ دیاردەی وا گەورە و ئاڵۆز، هەمیشە جەخت لە بەکارهێنانی "میتۆدی سیستێمی" دەکەن، واتە وەرگرتنی هەر دیاردەیەک بە هەموو لایەن و توخم و پەیوەندییەکانیەوە و کۆمەڵی زانستانی پسپۆر و ئەوانەی نزیک لە بوارەکەوە بە هەرەوەزی لێی بکۆڵنەوە.***

## سەرچاوە


- *المرجع فی سوسیولوجیا الدین- کتاب اکسفورد.. تحریر بیتر کلارک، ترجمة ربیع وهبة و احسان محسن- الشبکة العربیة للابحاث و النشر، بیروت ٢٠٢٠ الجزئین الاول و الثاني*
- *د. عادل عوض؛ فلسفة العلم في فيزياء اينشتاين- بحث في منطق التفكير العلمي. الناشر، الاسكندرية٢٠٠٥*
- *پ.د. ڕەشاد میران؛ مرۆڤناسی، هەولێر ٢٠٢١*
- *پ.د. ڕەشاد میران؛ ئایین- ڕوانگەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆڵۆگی. هەولێر ٢٠٢٣ .*

<u>*بە زمانی ڕووسی (پیتەکان کراون بە ئینگلیزی)*</u>

- *P.V. Simonov & Others; Proeskhojdenie Dukhovnosty. Moskva, Nawka,1989.*
- *D.M.Ugrinovich; Psikhologya Religi. Polytuzdat,1986.*